# له مومکینیشدا بیٚ فه‌ننین ئیٚمه‌...!

**محه‌مه‌دی مشیر**
Muhammad_mushir@yahoo.com

## هۆکاره‌کانی به‌م شیٚوه‌ خویٚندنه‌وه‌ی راپۆرته‌که‌ی (بیٚکه‌ر- هاملتۆن)

له‌وه‌ته‌ی به‌ بیرم دیٚ هه‌میشه‌ سیاسه‌تمه‌دارانی کورد وتوویانه‌و ده‌یلیٚنه‌وه‌ که‌ سیاسه‌ت فه‌ننی مومکینه‌، ئه‌گه‌رچی ده‌قی ئه‌م گوته‌یه‌ بۆ (لینین) ده‌گه‌ڕیٚته‌وه‌(**بڕوانه‌ نامیلکه‌ی/ رسائل حول التكتيك/بلاٚوکراوه‌کانی دار التقدم**)، به‌لاٚم هه‌رگیز ئه‌و له‌وه‌دا به‌رپرسیارنییه‌ که‌ بۆچی سیاسه‌توانانی کورد به‌ دریٚژایی میٚژووی خۆیان وه‌کو پیٚویست سوودیان له‌م گوته‌یه‌ وه‌رنه‌گرتووه‌ و بۆچی هه‌رچی نامومکینی خه‌لکه‌ ده‌بیٚته‌ مومکین و هه‌رچی مومکینی ئیٚمه‌ی کوردیشه‌ ده‌بیٚته‌ نامومکین و خه‌لکی کوردستان له‌ هه‌ر قۆناغیٚکی نویٚدا ده‌خه‌نه‌ به‌رده‌م چه‌ندین ئه‌گه‌ری نادیار؟؟

ئه‌گه‌رچی جاریٚ نامه‌ویٚت لیٚره‌دا بڕوا به‌ خۆم بهیٚنم که‌ ئه‌و مومکینه‌شمان لیٚ بووه‌ به‌ نامومکین یان کورد گووته‌نی (ریسه‌که‌مان لیٚ بۆوه‌ به‌ خوری) به‌لاٚم چه‌ند رۆژیٚکه‌ دوابه‌دوای بلاٚوبوونه‌وه‌ی راپۆرته‌که‌ی (بیٚکه‌ر- هاملتۆن)له‌ تیٚکڕای که‌نالٚه‌کانی راگه‌یاندنی (بینراو، بیستراو، نووسراودا)، ته‌نانه‌ت له‌ سه‌ر لاپه‌ڕه‌ی مالٚپه‌ڕه‌کانی ئه‌نته‌رنیٚتیشدا، هه‌لٚمه‌تیٚکی به‌رفراوانی شیکردنه‌وه‌و راڤه‌کردنی خالٚه‌کانی ئه‌و راپۆرته‌ به‌رچاوده‌که‌ویٚ وه‌ك ئه‌وه‌ی تازه‌ کار له‌کار ترازابیٚ و هیچ ده‌رفه‌تیٚك بۆ به‌ مومکین کردنی نامومکینه‌کانی ئه‌و راپۆرته‌ له‌ ئارادا نه‌مابیٚت، که‌ ئه‌مه‌شیان به‌لای منه‌وه‌ له‌ خودی راپۆرته‌که‌ ترسناکتره‌ بۆ ئاینده‌ی سیاسی کوردستان و دۆزی ره‌وای گه‌لی کوردستان. خویٚندنه‌وه‌ی راپۆرته‌که‌ به‌و شیٚوه‌یه‌ی ئیٚستا ده‌گه‌ڕیٚته‌وه‌ بۆ کۆمه‌لٚیٚك هۆکار که‌ ره‌نگه‌ گرنگترینیان به‌ روانینی من ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌بن:

یه‌که‌م: کوردو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان ده‌میٚکه‌ ده‌ره‌نجامی کورتبینی سیاسیانه‌ و هه‌لٚه‌ی کوشنده‌ی سه‌رکرده‌کان "ماران گاز بوون "بۆیه‌ وه‌ك کاردانه‌وه‌یه‌کی سروشتی له‌گه‌لٚ هه‌ر ئه‌گه‌ریٚکی نویٚدا ده‌چنه‌وه‌ ژیٚرباری هه‌مان ئه‌و دۆخانه‌ی که‌ پیٚشتر جگه‌ له‌ شکست و هه‌ره‌س شتیٚکی باشتریان بۆ گه‌لی کوردو بزاڤه‌ سیاسییه‌که‌ی پیٚ نه‌بووه‌ و سه‌رله‌نویٚ له‌ویٚوه‌ ده‌ڕواننه‌ ده‌رهاویٚشته‌کانی قۆناغی ئیٚستا، ئه‌مه‌ لایه‌نیٚکی سایکولۆژی میٚژوویی به‌رهه‌مهیٚناوه‌ که‌ هه‌میشه‌ وه‌ك سایه‌ به‌دوای که‌سایه‌تی کورده‌وه‌یه‌و له‌ خه‌ونه‌ خۆشه‌کانیشیدا لیٚی‌دانابڕیٚ ، ئه‌گه‌رچی ئه‌و که‌سایه‌تییه‌ شه‌که‌ته‌ له‌ خه‌ونه‌ تالٚه‌کانیشیدا زۆر ده‌گمه‌ن راده‌چلٚه‌کیٚ یان ئه‌گه‌ر راشبچلٚه‌کیٚ زۆر به‌ سانایی فیٚلٚی لیٚده‌کریٚ و رابردوو له‌ بیرده‌کات!

دووه‌م: به‌ هه‌لٚه‌ خویٚندنه‌وه‌ی میٚژوو ، په‌ند وه‌رنه‌گرتن ، دووباره‌بوونه‌وه‌ی هه‌لٚه‌ کوشنده‌کان و ده‌رفه‌ت له‌ ده‌ستدان، چوار خه‌سلٚه‌تی هه‌ره‌ به‌رچاوی نیٚو بزاڤی رزگاریخوازانه‌ی گه‌لی کوردستان بوون و هه‌میشه‌ وه‌ك کۆسپی گه‌وره‌ ریٚگر بوون له‌ به‌رده‌م بوژانه‌وه‌و به‌ره‌وپیٚشچوونی بزاڤه‌که‌و خه‌لکی کوردستان، بۆیه‌ ده‌ره‌نجام له‌ گه‌لٚ هه‌ر پیٚشهاتیٚکی تازه‌دا په‌شۆکان و له‌رزۆکی و دلٚه‌ڕاوکیٚ به‌ هه‌لٚویٚسته‌کاندا دیار ده‌بیٚ، به‌ جۆریٚك لیٚکدانه‌وه‌وشرۆڤه‌کردنی سیاسه‌ته‌ هه‌نووکه‌یی و دوورخایه‌نه‌کانی لایه‌نی به‌رامبه‌ر له‌نیٚو حه‌شاماتی ئه‌و په‌شۆکان و دلٚه‌ڕاوکیٚیه‌دا فه‌رامۆش ده‌کریٚن و هیچ ئاسۆیه‌کی نویٚ له‌ ئارادا نامیٚنیٚت، که‌ ئه‌مه‌شیان به‌شبه‌حالٚی خۆی کاریگه‌ری زۆر خراپی ده‌بیٚ له‌ سه‌ر باری سایکۆلۆژی و ویستی ئه‌و که‌سایه‌تییه‌ شه‌که‌ته‌ و پاشکۆیه‌تی له‌ پیٚشهات و رووداوه‌کاندا سه‌قامگیرترده‌کات.

سیٚیه‌م: له‌ میٚژه‌ له‌ نیٚو کورده‌واریدا کاتیٚك دوو که‌س له‌ سه‌ر شتیٚك ریٚکناکه‌ون، خیٚرۆمه‌ندیٚك ناوبژیان ده‌کا و بۆ خاتری رازیکردنی هه‌ردوو لای کیٚشه‌که‌ ده‌لٚیٚ(نه‌ شیش بسووتیٚ و نه‌ که‌باب)به‌لاٚم سه‌یر به‌لای من ئه‌وه‌یه‌ که‌ له‌گه‌لٚ هه‌ر پیٚشهاتیٚکی سیاسی تازه‌دا وادیٚته‌ به‌رچاوم که‌ ئیٚمه‌ی کورد نه‌ شیشمان هه‌یووه‌ و نه‌که‌بابیش ، نه‌ زانیومانه‌ شیش دروست بکه‌ین و نه‌ له‌

کەباب خواردنیشدا هێندە ئازابووین ، بەڵکو لەو نێوەندەدا هەمیشە بەرژەوەندەکانمان لە کاتی پێویستدا بە لاوەناوە و وەك قارەمانێکی خێرخوازی ئەفساناوی لە جیاتی سیاسەتکردن رۆڵی ناوبژیوانمان گێڕاوە و هەمیشە بە چاوی زەقەوە سەیری کارامەیی خاوەن شیش و لێزانی بخۆری کەبابمان کردووە! ئەمەیە ئەو تراژیدیایەی لەمێژووی کوردا زەردەخەنەوفرمێسکەکانت ئاوێزانی یەکتر دەکا .

چوارەم: لاوازی و ناتەوانی کورد لە خوێندنەوەو لێکدانەوەی سیاسەتەکانی لایەنی بەرامبەر و پێشبینی کردنی ئەگەرەکان و خۆئامادەکردنی پێشوەخت تەنانەت بۆ خراپترینی ئەو ئەگەرانە.

پێنجەم: لاوازی کورد لە گەمەی سیاسیدا و نەبوونی کارتی فشار بۆ کاتی پێویست.

شەشەم: دابین نەکردنی زەمانەتی پێویست و بە بەڵگە نەکردن و دۆکیومەنت نەکردنی ویستەکانی گەلی کورد لە دانوستانە سیاسیەکاندا .

## پاژنەی ئەخیل لە سیاسەتی کورددا

نەبوونی خوێندنەوەیەکی ووردو ژیرانە بۆ سیاسەتی سێ ساڵی رابردووی ئەمریکا لە عێراق و شکست و کوشتاردانی زۆی سوپاکەی لە پێناو ئەو ستراتیژەی کە خۆی بۆ خۆرهەلاتێکی نوێ و دیموکراسی بانگەشەی بۆ دەکرد لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە ئەو پەشۆکانەی ئەمڕۆی لێکەوتەوە کە راستەوخۆ دوای ئاشکرابوونی ئەجندای نوێی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هاتە ئاراوە .. ئەم پەشۆکانە سیاسییە راستی ئەو بۆچوونەمان دەسەلمێنێ کە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا بە داخەوە سەرکردایەتی سیاسی بالادەستی کوردستان نەك هەر بەووردی خوێندنەوەی نەبووە بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا، بەڵکو لە هەمان ماوەشدا شوێنی دروستی خۆی نەزانیوە لە نێو هاوکێشەی سیاسەت و بەرژەوەندەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا و (وەك ئەزموونە تاڵەکانی پێشوو)بە گفت و بەڵێنی زارەکی لە لایەن بەرپرسانی ئەمریکا و تەنانەت ولاتانی دراوسێ و ناوخۆی عێراقیش هەمیشە حیسابی ئەو پیاوەی بۆ کراوە کە (ناڵێ نا)!

## ئاسۆیەك بۆ بیرکردنەوە و دەروازەیەك بۆ چارەسەر

زانینی هۆکارەکان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان لە هەر کارنامەیەکی سیاسی نوێدا ئاسۆیەك بۆ هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردن دەخاتە بەردەست و پانتاییەك بۆ سەرلە نوێ جوولانەوە دابین دەکات، بەمەرجێك هەوڵ و کۆششی بە پەلەو ووردبینانە لە تێکڕای کەناڵەکانی سیاسەتدا وەگەڕبخرێن بۆ بە ووردی خوێندنەوەی دوایین سیناریۆی سیاسی ئەمریکا(راپۆرتەکەی بێکەر- هاملتۆن) لە ناوچەکە و پێڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێ کە بەرژەوەندەکانی تێدا رەچاوبکرێت نەك بەرژەوەندەکان بکاتە قوربانی ئەمە لە لایەکیان، لە لایەکی دیکەدا بە پێویستی دەزانم کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ رێگرتن لە خراپترین ئەگەرەکانی ستراتیژیەتی نوێی ئەمریکا لە عێراقدا، ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بگرێتەبەر:

یەکەم: پاراستنی هێمنی سیاسییانەو ئارامی لە هزرین وشیکردنەوەی سەرجەم خاڵەکانی راپۆرتەکە.

دووەم: چاوخشاندنەوە بە ناوماڵی کوردو دەستوبردی لە رێکخستەوەوئامادەکردنی هەموو تواناکانی بەردەست .

سێیەم: پەراوێز نەکردنی هیچ لایەن و نێوەندێکی سیاسی نیشتمانی کوردستانی لە کارنامەی ئایندەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا.

**چوارەم: ڕێزگرتن و گەڕانەوە بۆ ویستی میللی لە هەرهەنگاوێکی تازەداو یەکخستنی هەڵوێستی شەقامی کوردی.**

**پێنجەم: پێداگرتن لە سەر تەواوی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و قۆستنەوەی دەرفەتی گونجاو لە کاتی گونجاودا بۆ فشارخستنە سەرلایەنەکانی هاوکێشەی سیاسی لە ناوەو دەرەوەی عێراقدا.**

**شەشەم: دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی لایەنی بەرامبەر لە هەر دانوستانێکی داهاتوودا، چ لە سەر ئاستی عێراق و، چ لە سەر هەردوو ئاستی ناوچەکەو نێودەوڵەتیدا.**

**حەفتەم:پێکهێنانی لێژنەیەك لە لایەن حکومەتوپەرلەمانیکوردستان بۆ لێکۆڵینەوەوشیکردنەوەی تێکڕای ئەو وتارو بۆچوونانەی تا ئێستاکە لە مەڕ راپۆرتەکە بلاْوکراونەتەوەو راوێژکردنی توێژی ڕۆشنبیرو بیرمەندانی کوردستان و سەنتەرە رۆشنبیرییەکان لە کۆنفرانسێکی فراوانداو رەچاوکردنی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی گەلی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە.**

**هەشتەم: بەرپاکردنی هەڵمەتێکی فراوان و تێروپڕی راگەیاندن لە سەر هەردوو ئاستی ناوەو دەرەوەی کوردستان سەبارەت بە گەیاندنی کۆدەنگ و هەڵوێستی گەلی کوردستان سەبارەت بە راپۆرتەکە دوور لە هەڵچوون و پەشۆکانی سیاسی.**

**ئەمانەی سەرەوە چەند پێشنیازێکن ئەگەر بگیرێنەبەر رەنگە لەو ئەگەرە دەربازمان بکەن کە ساڵانێکی درێژە سیاسەتی کورد لە بەرامبەر پێشهاتە تازەکاندا دووچاری ئاستەنگ و دامان دەکات وتەنانەت لە مومکینەکانیشدا هەژاری و بێ فەننی سیاسەتوانی کورد دەسەلمێنێ!**